# نزاکانی پرچی سپی

دیارمحمد

من لەگەڵ زیکری پیرێژنێکی
پرچ سپی نزا دەکەم
لەگەڵ گەڵا ڕزیوەکانی پاییز
فێری سەمای ئەم خەونە بووم
لەژێر چەتری قارچکێکی  ڕیش سپیدا
فێری تەنیای عەشق بووم
لەپرچی سپی گیتارێکەوە خەون
بەپەرییە ئە فسونایە کانی
دوولێوی سوراوایتەوە دە بینم
تۆ لەژوانێکدا پەنجەرەی موحیبەتی
ئەم عەشقەمانت هەڵوەراند
لەژێر دار ئەخەوانێکی پەمەیی دا
فێری ئێوارە  ژوانی تەنیاییت کردم
تۆ لەخەونە ئەفسوناییەکانی من دەترسی و
من لەبووکە شوشەکانی چاوت
تۆ گومان لەچاوەکانی مندەکەیت و

من لەگەڵا زەردەکانی پا ییزت
تۆ شەیدای شوێن پێکانی لای کەنارو
من لەماچێکی بێ سوراوی تۆدا ون بووم
من بەرگەی ئاوازی کیژێکی بێ ئابڕوو ناگرم
پەنجەکانی بەسەمفۆنیای
تاڵی ڕۆحم شیبکاتەوە
تۆ کەئاشنای تەنیای بوویت
چ قەدرێکی بوو یەکەم جار
چ ڕۆژێکی بێ وویقارە ئەو ڕۆژەی بەرەو
فریشتەکانی ئاسمانی هەڵهاتووم دەبەن
تەنیا کورسیەکی جێماو لەگەڵ

**پشكۆی دار ئەرخەوانی پەمەیی**

**جێژوانی یادگاریمان بوون**

**ئەویش سووتان**

**لەگەڵ پیرێژنە قاوەگرەكەی**

**كەتۆپی زەمەنمانی شێواند**

**فرمێسكی تەنیای ئەڕێژیت**

**من نووسەرێكی بێ فرمێسك و**

**ئەویش وەك دادنوسێكی بێ ویژدان**

**من بەنیگای چاوەكانم و**

**ئەو بەنینۆكە تیژەكانی**

**و پشتە چەماوەكەیەوە**

**سەفەری حەزەكانی خنكاند**

**من لەگەڵ پیرێژنێكی**

**پرچ سپی نزادەكەم**

**لەگەڵ گەڵا ڕزیوەكانی پاییزدا**

**فێری سەمای ئەم خەوونە بووم**